# ناساندنی کتێبی «بووتیقای ڕۆمان»



**دوکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی**

---

**ناسنامەی کتێب: بووتیقای ڕۆمان، ڤەنسان ژووڤ، وەرگێڕانی محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠١٢**




**ISBN: 9786098514825**

**Website: www.kurdishbookhouse.com**

**Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

مەبەستی ئەو پەڕتوکە ڕاهێنانی خوێنەرە بە بووتیقای ڕۆمان. لێرەدا زاراوەی"بووتیقا"[1] بە مانایەکی گشتی یانی "لێکدانەوەی شێوازەکانی دەروونی ئاسەواری ئەدەبی" بە کار هاتۆوە. لە ڕاستیدا، ئەورۆکە شیکردنەوەی دەقێک بێ پرسیار کردن لەسەر ئەو تیکنیکانەی ئەو دەقە بە کاری دێنێ یان ئەو لایەنانەی ئەم دەقە پێک دێنن کارێکی دژوارە. لیکۆڵینەوە لە دەروونی دەق ئە گەر نەڵێین پێش مەرجێک، لانی کەم بۆتە بەشێکی تەواوکەری هەر جۆرە لێکدانەوەی دەرەکی[ ژیاننامەیی یان مێژوویی] کە مەبەستی ڕێکخستنەوەی دەقە لە قۆناغی پێکهاتنی.

ئایا بەو جۆرەی فۆرمالیستەکانی رووسی[کە هەر دەقێکیان لە پێشدا وەك واقعییەتێکی زمانی وە بەر چاو دەگرت] دەیانکوت شتێک بە نێوی شێوازەکانی تەنیا ئەدەبی هەن ؟ ئەم پرسیارە هەر وا بێ وڵام ماوە تەوە، بەڵام ڕاستێکی شک هەڵنەگەر ئەوەیە کە چەشنە ئەدەبێکان [+"ژانرەکان"[2]] لە هێندێك یاسای ڕوون پەیرە وی دەکەن و دەتوانین لە ڕووی ئەم یاسایانەوە پێناسەیان بکە ین. شیعر، شانۆ و چیرۆك لەیەك شێوازگەلی یەکسان پەیرەوی ناکەن. بگرە لە نێو

---

[1]- Poétique
[2] - Genres littéraires



www.kurdishbookhouse.com

گۆڕه پانی چیرۆك دا كه لانی كه‌م له فه‌رانسه، بابه‌تێكی په‌سه‌ندكراوی تایبه‌ت بوو [تا ئه‌لحانیش هه‌ر وایه] بۆ بۆچوونه كانی "فۆرمالیستی"، ده‌قی ڕه‌خنه‌یی زۆر جیاواز هه‌ن. كاتێک گێڕانه‌وه‌ناسی(چیرۆکناسی) له لێكدانه‌وه‌ی ده‌قی كورت وه‌ك حه‌قایه‌ت و كورته چیرۆك هاته سه ر شیكردنه‌وه‌ی ڕۆمان، ناچار بوو به سه ر زۆرینه‌ی چه‌مكه‌كانی دا بچێته‌وه [واته نۆیان كاته‌وه، بگره بیانگۆڕێ].

سوودی ڕۆمان ته‌نیا ئه‌وه نێ كه زۆرینه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌كانی له سه‌ر ته‌رخان ده كرێ، به ڵكو به هۆی تایبه‌تمه‌ندێكانی [درێژخایه‌نی و "چه‌ند لایه‌نه‌بوون" [3]، ئه‌م چه‌شنه ئه‌ده‌بێ ناكرێ له هێندێك" نموونه"[4]ی یه‌كجار ساكار كورت كرێته‌وه. "په‌یكه‌ره‌ی"[5] رۆمان زیاتر له هه‌موو چه‌شنێكی ئه‌ده‌بی ئه‌و ده‌رفه ته‌مان ده‌داتێ درووست [یا هه‌ڵه] بوونی ئه‌و نموونه پێشنیار كراوانه[بۆ شیكردنه‌وه] تاقی كه‌ینه‌وه.

به‌ڵام "بۆچوونی ده‌روونی"به مانای"بۆچوونی ته‌واو وه‌سفی" نییه. ئه‌گه‌رچی"رۆمه‌ن یاكۆبسۆن"[6] له یه‌كێك له ده‌قه مه‌زنه‌كانی

---

[3]- Complexité
[4]-Modèle
[5] - Corpus
[6] - Roman Jakobson

فۆرمالیسمی رووسی ['شیعری نۆی رووسی"[7] 1919] دەڵێ " لێکۆلینەوە ئەدەبێکان ئەگەر دەیانهەوێ ببنە زانست، دەبێ دەوری سەرەکی بدەنە"شێواز"[8]، لە هەمان کاتیشدا دەڵێ : "کێشەی بنەڕەتی بە کارهێنانی ئەو شێوازە و پاساوکردنێتی". کە وابوو ئێمە پەیرەوی ئەو ڕەوتە دەکەین کە وەسف و لێکدانەوە دە گەڵ یەك بە کاردێنێ.

بووتیقای ڕۆمان، بەو جۆرەی ئێمە مەبەستمانە، لە هێندێك نموونەی "بیردۆزانە"[9] کەڵک وەردە گرێ کە "شیکردنەوەی ڕواڵەتی"[10] تێکەڵ ڕەوتی لێکۆڵینەوە دەکەن. کە وابوو ئێمە نەتەنیا لە بۆچوونە کانی گێڕانەوەناسی و نیشانەناسی دەکۆڵینەوە، بەڵکو ئاخرین گۆڕانکارێکانی دوو ڕێبازی ڕەخنەیی "دەروونناسانە"[11] و کۆمەڵناسانە"[12] ش باس دەکە ین. هەر وەها، لە تازەترین دەستکەوتەکانی ڕێبازی "زماناسی دەربڕین"[13] و تێئۆرێکانی خۆیندنەوەی ڕۆمانیش دەدوێین.

---

[7] - "La nouvelle poésie russe"
[8]-Procédé
[9] -Théorique
[10] - Analyse formelle
[11] -Psychologique
[12] -Sociologique
[13]-Linguistique de l'énonciation

www.kurdishbookhouse.com

## بەشی "شیکردنەوە و لێکدانەوە "

مەبەستی  ئەو پەڕتوکە ناساندنی هەموو لایەنەکانی ڕۆمانە، بۆیە هەر فەسڵێک تەرخان دەکرێ بە لایەنێکی گرینگی رۆمان.

فەسڵی یەکەم [" سەرەتای ڕۆمان، پەیمانی خۆیندنەوە"] نیشان دەدا چۆن ڕۆمان، هەر لە سەرەتاوە، لە ڕێی هێندێك شێوازە پێمان دەڵێ بۆ دەبێ بیخوێنینەوە و چۆنی بخوێنینەوە. تێدەکۆشین زاراوەی "پەیمانی خۆیندنەوە"[14] و بەشەکانی سەرەکی" پەراوێزی دەق"[15] ["سەر ناو"[16] وپێشەکی] و هەر وەها دەستپێکی ڕۆمان پێناسە بکەین.

فەسڵی دووهەم ["جەستەی ڕۆمان: ڕیختمانەکانی چیرۆک] تەرخان دەکرێ بە گێڕانەوەناسی کە دوای "ژێرار ژۆنێت"[17] سرنج دەداتە داڵ [ڕواڵە ت] واتە چیرۆك بەو چەشنەی لە کاتی خۆیندنەوە دیارە. چەند کێشەی خوارەوە دەخرێنە بەر باس: سرووشت و ئەرکەکانی وەگێڕ [راوی]، دووری [فاسیلە] و ڕوانگە، ریکخستنی کات، وەسف.

فەسڵی سێهەم ["جەرگەی ڕۆمان، پێکهاتەکانی داستان"] بە لێکدانەوەی  دوو بەشی بنەڕەتی واتە "پیلان(گەڵاڵە)"[18] و کەسایەتی،

---

[14]- Contrat de lecture
[15] - Paratexte
[16]-Titre
[17] - Gérard Genette
[18]-Intrigue



www.kurdishbookhouse.com

"پێکهاتەی ناوەرۆک"شی دەکاتەوە. بە کەڵك وەرگرتن لە" گوزارەناسی پێکهاتەیی"[19] گرێماس، هێندێک چەمکی وەك " سیستەمی کەسایەتی وەك بکەر"،" دەوری بابەتی" و "بەرنامەی گێڕانەوە" دەناسێنین. هەر وەها ئەنجامێکی لیکۆلینەوەکانی ئەم سەردەمە لەسەر کەسایەتی دەخەینە بەر چاوی خوێنەر: بۆچوونی نیشانەناسی [کەسایەتی وەك نیشانە]، بۆچوونی هێمایی [کەسایەتی وەك ئەرک]، بۆچوونی نیشانەیی-کردەوەیی [کەسایەتی وەك پێکهاتەی خۆیندنەوە].

فەسڵی چوارەم ["وتاری ڕۆمان: دەربڕین"] تێدەکۆشێ شۆێنەوارەکانی" دەربڕین"[20] لە نێو ڕستە دا شی کاتەوە. ئەم کارە یانی دۆزینەوەی هێندێك نیشانەی دەروونیەت یان سۆبژێکتیویتە کە لە هەر دەقێك دا هەن[کارتێکەری بابەتی ڕۆمان]، چۆنێتی هەڵکەوتنی ڕۆمان لە عاست ئەو دەقانەی ئەو ڕۆمانە ئیلهامی لێ وەرگرتوون[بەیناوەدەقی] و تێکەڵبوونی پێچاوپێچی ئەو دەنگانەی وتاری گاڵتە جاڕ پێك دێنن.

فەسڵی پێنجەم [واقعیەتی ڕۆمان: شۆینەواری دەرەکی دەق] لەو شۆینپێ یانە دەکۆڵێتە وەکە بکەر [واتە "منی"نووسەر] و مێژوو [زەمینەی فەرهەنگی] لە ناو دەق دا جێیان هێشتۆوە. لە ڕاستیدا، هەر ڕۆمانێك مایە ی خۆی لە خەیاڵێکی شەخسی [کە دەتوانین لە

[19] -Sémantique structurale
[20] - Enonciation



www.kurdishbookhouse.com

ڕووی "دەروونتۆیژێوە"[21] شی کەینەوە] وژینگەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی [کە نیشانەکانی دەکرێ لە ناوەرۆک و شێوەی نووسین دا بدۆزرێنەوە] وەر دەگرێ.

فەسڵی شەشەم [خۆینەر لە نێو ڕۆمان دا] لەو شێوازانە دەکۆڵێتەوە کە بە یارمەتی وان دەق گەلاڵەی وەرگرتنی[22] خۆی دادەنێ : دەرخستنی دەوری خۆینەر و هێندێك ستراتێژی گێڕانەوە کە لە ناو دەق دا ڕوویان لە خوێنەرە؛ ناساندنی پێوەندێکانی جۆراوجۆری خوێنەر بە دەقەوە ( بە تایبەتی بە یارمەتی وەرگرتن لە نووسراوەکانی ئۆمبێرتۆ ئێکۆ). لە لایەکەوە، لە خوێنەری ڕۆمان (ئە م خوێنەرەی ڕۆمان فەرزی دەکا) و لە لایەکیتر، لە ڕۆمانی خوێنە ر[ خوێنەری واقیعی لە ڕێی هێندێك شێواز وڵامی پێشنیاری دەق بۆ دەور گێڕان دەداتە وە] دەکۆڵێنە وە.

## بەشی " دەقەکان و ڕەوشتە کان"

لەو بەشەدا، دەقی هێندێك ڕۆمان لە پێوەندی دەگەڵ ئەو بابەتانەی باس دەکرێن بە شێوەیەکی ورد شی دەکرێنەوە. هەر کام لەو مەشقانە بە سرنج دان بە لایەنێکی تایبەتی ڕۆمان شکڵی تەفسیر بە خۆیانەوە دەگرن.

---

[21] - Psychanalyse
[22] - Réception



www.kurdishbookhouse.com

**بە شی "شەقڵەکان و ئامێرەکان"**

لەو بەشەدا، لە ڕێی هێندێک باسی مێژوویی، ئاڵوو گۆڕەکانی بەشەکانی پێك هێنەری رۆمان و تێکنیکەکانی نووسین شی دەکرێنەوە. هەر وەها فەرهەنگۆکی زاراوەکانی بنەڕەتی ڕۆمان پێشکەش دەکرێ.

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com